## شێروان بێدڵ:

# خۆزگە وەڵامم وەردەگرتەوە، بۆچی سەری (ڕێبواری دوور) یان بڕی؟!



شێروان بێدڵ شاعیرێکی هەست ناسکە، ساڵی (١٩٥٨)لەشاری مەخمور هاتۆتە ژیان، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەوێ خوێندوویەتی. پاشان بۆ هەولێر دەگوازنەوە. لەوێ درێژە بە خوێندن دەداتو ناوەندیو ئامادەیی تەواو دەکات. لەسەرەتا لەبەشی جوگرافیای زانکۆی موسڵ وەرگیراوە، بەڵام ڕژێمیبەعس بە بیانووی ئەوەی خوێندکارە کوردەکان لەئاهەنگی نەورۆز گێرەشێوێنیان کردووەو مەترسین بۆ سەر ئاسایشی زانکۆ، کاك شێروانو ژمارەیەك خوێندکاری کوردیان بۆ زانکۆی (بەسرە) گواستەوە. لەوێ دەچێتە بەشی زمانو ئەدەبی ئینگلیزیو ساڵی ١٩٨٣ زانکۆ تەواو دەکات. وەك مامۆستا ڕەوانەی دواناوەندی چۆمان دەکرێ. ماوەیەکی زۆر لەقوتابخانەکانی (چۆمانو ڕۆناکیو قەندیلو مەلا ئۆمەرو باڵەکیانو کۆڕێ) وانەی زمانی ئینگلیزی دەڵێتەوە. بنەماڵەکەیان بە نیشتیمانپەروەر ناسراون، دوو برای شێروان سەری خۆیان هەڵدەگرنو وڵات بەجێ دێڵن. ڕۆژێکیان هێزێکی ڕژێمی بەعس گەماڕۆیماڵیان دەدەن، ئەوەی لەماڵ دەبێ لەدایكو خوشك، بەناوی خزمو کەسی پێشمەرگە دەگیرێن. شێروان ناچار دەبێ خۆی بشارێتەوە. ئێستا شێروان خۆیو هاوسەرو پێنج منداڵەکەی لەوڵاتی کەنەدا دەژین. ڕۆژیگەل لەڕێگەی ئیمایلەوە پەیوەندی پێوەکردو چەندپرسیارێکی لێکرد.

**ڕۆژی گەل: کەی دەستت بە هۆنراوە نووسین کردووە؟ بۆچی بێدڵ؟.**

**شێروان**: لەتەمەنی ١١ساڵی هێشتا لەمەخمور بووین، ئیبراهیم محێدینی شاعیر هاوڕێم بوو، هۆنراوەکانیخۆی بۆ دەخوێندمەوە. هەستم کرد هۆنراوە دارێژراوە، زۆر لەوتووێژی ئاسایی جوانترو ناسکترە. هەر لەو تەمەنەدا گوێم بۆ شیعرەکانی کاك (عەبدولڕەحمان شێوەن) ڕادەگرت. لەمەخمور کەسانی وەك خاڵە سەدرەدینو مەلا ڕەفیق هەبوون، تا ئێستاش شیعرەکانی ئەوان لەگوێچکەی مەخووریەکاندا دەزرنگێتەوە. هەروەها گۆرانیەکانی فۆلکلۆی کاریگەرییان هەبوو، کە دەنگخۆشان دەیانچڕی، تامو چێژێکی تایبەتیان بە مرۆڤ دەبەخشی. بەڵام لە هەولێر ئاشنایەتیم لەگەڵ هۆنراوەی شاعیراندا پەیدا کردو پێگەیشتم. لەوێ دەستم بە نووسین کرد. بە هۆی مامۆستا مەحمود زامدارەوە زۆربەی بەرهەمەکانم لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، زۆر سوپاسی دەکەم.

دوای دابڕانو دوورکەوتنەوەم لەکوردستانم گیرسانەوەم لەکەنەدا هەستم بە بێدڵی خۆم کرد. بەجەستە لەکەنەدا بووم، بەڵام دڵەکەم لەکوردستان بە جێمابوو، لەنێو کێوەکانی کوردستانو لەکەناری ڕووبارەکاندا سەمای دەکرد، بۆیە بێدڵ بوو بە نازناوم.

**ڕۆژی گەل: هۆنراوەکانت لەکام بەش پۆلێن دەکرێن؟. لەکوێ بڵاودەکرانەوە؟.**

**شێروان**: بەشێوازی کلاسیکو ڕوانگە، زور جاران هۆنراوەی گۆرانی دەنووسمو گۆرانیبێژان دەیانچڕن.. لە (خەباتو هاوکاریو بەیانو ڕۆشنبیریو تەندروستیو کۆمەڵ) بەرهەمەکانم بڵاوکراونەتەوە.

**ڕۆژی گەل: کام لەگۆرانیبێژان سوودیان لە هۆنراوەکانت وەرگرتووە؟.**

**شێروان**: خوشکە نادیە هەولێریو کاك زێوەر هەولێری لەکەنەدا، کاك فەرەیدون هەولێری لەئوستراليا هەندێ لەهۆنراوەکانی منیان کردۆتە گۆرانی.

**ڕۆژی گەل: چەند بەرهەمت چاپکراون؟.**

**شێروان**: ساڵی ٢٠٠٥ کە هاتمەوە کوردستان لەسەر ئەرکی خۆم هەردوو نامیلکەی (زاخی گۆرانی) و( بەندەری گوڵ) م چاپکرد. لێرەدا جێگەی خۆیەتی سوپاسی مامۆستا شوانی (چاپخانەی سۆران) بکەم کە سەرپەرشتی چاپکردنی کرد.

**ڕۆژی گەل: یادگارییەکی تاڵ، یان شیرین!.**

**شێروان**: یادگاری تاڵ زۆرن، شیرینەکان کەمن. کاك زەکەریا عەبدوڵڵا بەنیاز بوو هۆنراوەی (ڕێبواری دوور) بکات بەگۆرانی. بەڵام بەداخەوە بە بێ پرسی من هەندێ دەستکاری تیا کردو بەناوی کاك (سەرکەوت ڕەسوڵ) بڵاویکردەوە. خۆزگە ئەو وەڵامەم وەردەگرتەوە بۆچی سەری (ڕێبواری دوور) یان بڕی؟!. لەسەر ئەو مەسەلەیە لەماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا هەندێ بابەت نووسراون، نازانم بواری ئەوە دەبێ ئەو بابەتانە لە (ڕۆژی گەل) بڵاوبکرێنەوە یان نا؟.

**ڕۆژی گەل: دوا وتەت چیە؟.**

**شێروان**: زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان پێدام تا تۆزێك دەردە دڵ بکەم.

# چەرچڵ دەیویست بە کورسی کارەبایی هێتلەر بکوژێ

لەپەیوەندیەکانی ئەرشیفی بەریتانیادا کە ڕۆژی ٢٠٠٦/١/١ بڵاوکراوەتەوە، دەردەکەوێ کە (وینستۆن چەرچڵ)ی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا (١٩٤٠ ـ ١٩٤٥) ئاواتی خواستووە کە ئەدلۆف هیتلەری پێشەوای ئەڵمانیا بەدیل بگریو بەبێ دادگەیی کردن لەسەر کورسی کارەبایی دایبنێو بیکوژێ. هەروەها ئاواتی ئەوەبووە لەکاتی دیلبوونی سەرکردەکانی دیکەی نازیەکان، بەنهێنی بیانکوژێ. لەلایەکی دیکەوە





(نۆرمەن برۆك) یاریدەدەری چەرچڵ لەیادەشتەکانی خۆیدا نوسیویەتی ( لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران کە لەمانگی سێپتەمبەری ١٩٤٢) بەڕێوەچوو، چەرچڵ گوتی:{وێنا بکەن ئەگەر هیتلەر لەشەڕدا کەوتە بەردەست ئێمە، بێگومان ئێمە دەیکوژین}. شیاوی باسە لەوکاتەدا ئەو تاوانبارانەی سزای مەرگیان بۆ دەردەچوو، لەسێدارە دەدرانو هەڵدەواسران. بەڵام چەرچڵ دەیویست بۆ کوشتنی هیتلەر سوود لەکورسی کارەبایی وەربگریو ئەگەر پێویست بکات کورسی کارەبایی لەئەمریکا بهێنێ. لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٥ کاتێ دووەمین شەڕی جیهان بەرەو تەواوبوون دەچوو، ئەو باسە هێنرایە ئاراوە، ئایا هیتلەرو سەرکردەکانی دیکە دادگەیی بکرێن یان نا؟. چەرچڵ گوتبووی:{من لەو باوەڕەدام کە دادگە بێ سوودە، ئەگەر داوای دادگەیەکی ڕەوا بکەین، چەندین گرفت سەرهەڵدەدەن. ئەگەر هیچ لەهاوپەیمانان داوای سەرکردەکانی نازیەکان نەکەن، دەبێ ئەوان لەوێنەی ڕێگرو جەردەکان لەسێدارە بدەین}.

# ئێمە ٢ جۆر بابا نۆئێلمان هەبوو!!



من لاوێکی کوردستانم، لەنێو بۆردوومانو شەڕو ڕاکردنو هەڵاتندا باڵام کردووە. زۆر جوان لەبیرمە کەسەربازەکان چەکەکانیان لەکۆڵم دەگرتو لێمان وەژووردەکەوتن. لوولەی تفەنگەکانیان تێدەگرتینو دەیان ترساندین، چاویان لێ زەق دەکردینەوە. گەورەکانیان قۆڵبەست دەکردن، وەبەر زللەو قۆنداخە تفەنگیان دەدان، دەیان بردنو نەمان دەدیتنەوە. زرێپۆشەکان گوندو ئاواییەکانیان گەمارۆ دەدا، گوللەبارانیان دەکردین، دەستیان لەژنو منداڵو پیرو پەککەوتە نەدەپاراست. شۆفڵەکان خانووەکانیان دەڕووخاندین. فرۆکەکان مەرگیان دەباراندو ژەهربارانیان دەکردین. ئێمە وردەوردە بەرەو باوەشی کێوە سەختەکان هەڵدەکشاین. هەمیشە بێناز بووین. بەدەگمەن نەبوایە باوکمان نەدەدیت. ئەو چەکی شەڕەفی لەشان کردبوو. دایکم هەمیشە ڕەشپۆش بوو. یەکەمین جار بۆ لەسێدارەدانی براگەورەکەی ڕەشی پۆشی. فرۆکە گوندەکەمانی بۆردوومان کردو خوشکەکەی (پوورم) شەهیدبوو. باوکم لەشەڕێکی دەستەویەخەدا گیانی خۆی پێشکەش بەکوردستان کرد. لەوانەیە دایکم تا مردن جلی ڕەش فرێ نەدات. لەوانەیە بەیانی خۆشەویستێکی دیکەی بگیریو بکوژرێ. لەوانەیە دووسبەی لەگەڵ مەرگی ناوەختی مندا ڕووبەڕوو ببێتەوە. ئێرە کوردستانی داگیرکراوە. کێ ناڵێ ئەمساڵو چەندین ساڵی دیکەش هەر لەپێناو ڕزگاریدا خەبات ناکەین. شەڕی مانو نەمان دەکەین. لەوەتەی لەبیرمە دەڵێین یان کوردستان یان نەمان.

ئێستا تەلەفزیۆنە کوردیەکان باسی بابا نۆئێل دەکەن، گوایە مرۆڤێکی میهرەبانو دلۆڤانە، لەسەرەتای ساڵی نوێدا بەهانای منداڵانەوە دەچێ، لەباوەشیان دەگریو دیارییان پێدەدات. سواری گالیسکەکەیان دەکاتو دەیانگێڕێ. کایەیان لەگەڵدا دەکاتو دڵخۆشیان دەکات. من بەو تەمەنەوە چێژ لەو بابا نۆئێلانە وەردەگرم، چونکە بەمنداڵی ئەو بابانوئێلانەم نەدەبینی. سەردانی ئێمەیان نەدەکردو دیاریان پێنەدەداین. سواری گالسکەیان نەدەکردینو کایەیان لەگەڵدا نەدەکردین. دەکرێ بڵێم ئێمە دوو بابا نۆئیلی تەواو جیاوازمان هەبوو. یەکەمینیان، سوپای داگیرکەربوو بەتاودەهاتن، گەمارۆیان دەداین و گوللەیان بەسەرداباراندین. ڕاویان دەناین هەڵدەهاتینو خۆمان دەشاردەوە. دەیانکوشتینو بەسەرلاشەکانمانا دەڕۆشتن. ئەو بابا نۆئێلانە هەرگیز بەزەییان بەئێمەدا نەدەهاتەوە. دووەمینیان. پێشمەرگەبووین کە بەهاناماناوە دەهاتن، داکۆکیان لێدەکردینو دەیان پاراستین سەیرکردنی چەکەکانیان بۆ ئێمە نایابترین دیاریبوو. قسە خۆشەکانیان بۆ ئێمە بەتامترین نوقڵو شیرینی بوو.

## ئایرۆنی

جەبار سابیر

### ئەمساڵیش خۆزگەت بەساڵێکی تر

من کەسێکی ڕەشبین نیم بەڵام دڵنیام ساڵی دوو هەزاروو شەش ساڵێکی باش نابێت بۆ عێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی چونکە ئەوە ئەزموونی ڕۆژگار فێری کردووین کە هەر گیز ساڵێك ئەم وڵاتە لەساڵی پێشووتری خۆشترنەبووە، لێرە چەندە حکومەت بڕوخێو چەندە حکومەت دروستبێو چەندە سەرۆك دادگایی بکرێتو چەند سەرۆك ماڵی گەل بەتاڵانبەرێت هیچ لەمەسەلەکان بەرەو باشی ناگۆڕێتو دنیا خراپتر دەبێت. ئەوەی لای خودا بەتاڵە لای ئێمە خەیاڵە، بەڵام ئەوەشی لای ئێمە خەوەو هەمیشە لەکاتی نوستندا دەیبینین، لای ئەوروپاو خۆرئاوا خەیاڵەو لەمێژەوە ئەوان ئەو گرفتە سەرەتاییانەی هاوشێوەی گرفتەکانی ئێمەیان تێپەڕاندووە.

ئاخر گەر حکومەت، حکومەت بێتو سەرکردە سەرکردە بێت چۆن دەبێت لەم دنیایەی ئەمڕۆدا خەڵك شوێنی ژیانی نەبێت تیایدا بسرەوێت؟ ئاخر ڕەوایە لەوڵاتێکدا کەلەسەر دەریای نەوت دەخەوێت نەوتی لێ قاتی بێت.؟ جاران گەنجی ئێمە بەرەگەزی مێوە خەوی دەبینیو شەیتانی دەبوو، کەچی ئێستا گەنجی ئێمە بەرلەوەی بەجنسەوە شەیتانی ببێت، بەخانوو شوێنی خەوتنەوە شەیتانی دەبێت.؟ لەسایەی سەری هەموو حزبو حکومەتە مەرکەزیو لامەرکەزییەکانی عێراقو کوردستانەوە پێناچێت ساڵی نوێش ساڵێك بێت لانیکەم نیوە لەخێرو خۆشی، جابۆ ئەسڵەن خێرو خۆشیو ئیسراحەت لەم وڵاتەدا بۆ شیفاش چنگ دەکەوێت.؟ ساڵی پارو ساڵی پێرارو ساڵەکانی زووتریش لەئێستا زۆر باشتر بوون، بۆیە ئینسان تۆزێك شعورو عەقڵ لەتۆپی سەریدا بێت دەزانێ کەئەو هەویرەی لەعێراقداو حزبەکان بەحکومەتو ئۆپۆزیسیۆنەوە شیلاوییانە ئاوی زۆردەوێتو مەحاڵە بکرێتە نان، چونکە بەپێی تیۆری (ئەنشتايين) ئەو ئەزمەیەی هەندێك عەقڵ دروستیدەکەن هەر بەزمەیی دەمێنێتەوە تائەو کاتەی ئەو عەقڵانەی ئەزمەکەیان دروستکردووە لادەچنو هەندێك ئەقڵی تر ئەزمەکە چاکدەکەن.

شەڕی گەرمو ساردی یەکێتیو پارتو هەردوو حکومەتەکەی ئێستاشیان هەندێك عەقڵ دروستیان کردووە کەهێشتا بواریان چۆڵنەکردووەو نایانەوێ خەڵکیتر چارەسەریکات، بۆیە ئەو وەختەی دەڵێن گەیشتینە ڕێککەوتن بزانن کەهەرگیز ڕێکناکەون چونکە عەقڵی خەڵکی ئەزمە خواز هەر ئەزمەی لێدەکەوێتەوەو چاوەڕوانی خێرو خۆشی لێناکرێتو بەو بروسکانەش تێمەکەون کەساڵانە بۆ خەڵکی دەنێرنو دەڵێن داواکارین لەخودای گەورە ئەمساڵتان پڕ خێرو خۆشی بێت، کام خێرو خۆشی ئەوەی کەئێوە ناهێڵن ساڵەکانمان پڕبێت لەخێر، خێرو خۆشی ئێمە بەدەست ئێوەو لەئەستۆی ئێوەدایە ئیتر بۆچی داوا لەخودایەك دەکەن بۆمان پڕکات کەئێوەی کردۆتە بار بەسەر ئێمەوە. ئێوە ئارەزووتان لێبێت نەك هەر ئەمساڵ بەڵکو هەموو تەمەنمان بۆ پڕدەکەن لەبەختەوەری نەك هەر خێرو خۆشی. بەڵام ئێمە گەمژە نینو تێدەگەین کەنانی ئێوە لەسەرگەردانو بێحاڵی ئێمەدایەو ناشکرێ بۆ خاتری ئێمە ئێوە خۆشگوزەرانی خۆتان تێکبدەن، جا چۆن خودا شتی وای قبووڵە چەند ساڵە تێکۆشەرن ئەمڕۆ وەك ئێمەی کۆنە جاش بژین.!

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

*بەرپرسیلایەنێك بە سەرنووسەری بڵاوکراوەی حزبەکەی خۆی گوتووە: لاپەڕەکانی بلاوکراوەکە زۆرتر مەکەن، دوایی نووسین دەست ناکەویو بۆتان هەڵناسوورێت!. سەرنووسەر بە پێکەنینەوە وەلامی دەداتەوە: خەم مەخۆ گەورەم بە چاوپێکەوتنو هەڤپەیڤین پڕی دەکەینەوە. چ زۆرە بەرپرس زۆرە، بۆ هەر لاپەڕەیەکدا یەك ـ دووهەڤپەیڤین دەکینو بڵاویان دەکەینەوە. ئەوکات باشتر دەفرۆشرێ چونکە ئەوانەی هەڤپەیڤینیان لەگەڵدا دەکرێ زووتر ئاگاداری خزمو کەسانی خۆیان دەکەنەوە کە فلانە ڕۆژ بڵاوکراوەکەمان دەردەچیو ئەوانیش بیکڕن!!.

*دەڵێن ژمارەیەك ئافرەتی هین کە ڤایرۆسی (ئێدز ـ ئایدز) یان هەڵگرتووە سەردانی شاری شنۆیان کردبوو، خزمەتیان بە لاوانی ئەو شارە کردبوو!!. دواتر بەرەو شاری سەردەشت بەڕێ کەوتوونوخەڵك بە حاجی خانمەکان ناویان دەهێنن.

یەکێ کە زۆر ڕقی لەو گەنجانەیە کە باسی گەندەڵی دەکەنو ڕەخنە دەگرن، گوتبووی: چۆنە ئەو حاجی خانمانە بانگهێشت بکەین تا بە لاوە بێزارەکان ڕابگەنو لەکۆڵ ئێمەیان بکەنەوە.

*بەرپرسێك گوتبووی: هەرکاتێ باسی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەو کۆبوونەوەکانیان دەکرێ، ئەمن ئۆقرەم لێهەڵدەگیریو ماوەیەك خەوزڕاو دەبم، بەڵام خوا لەگەڵمانەو ئەو کۆبوونەوانە سەرناگرێ. ئەگەر ئەمجارەش لەپەتای یەکگرتنەوە دەربازمان ببێ، شەرت بێ ٢ گا بکەم بە قوربانی.

*دەڵێن فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرێتی کۆچبەری وڵاتی سوید گوتوویەتی: ئەمن لەگەڵ ئەوەدانیم کە کوردەکان ڕەوانە بکەنەوە، چونکە ئەگەر ئێمە دیپۆرتیان بکەینەوە، لەولاوە دۆستان لەڕێگەی فرگە تازە دروستکراوەکاندا یەك دوو خزمیشی ڕەگەڵ دەدەنو دەینێرنەوە.


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497



پێگەی ئینتەرنێتی

www.rojigel.tk

www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی

rojigel@hotmail.com

rpk93@hotmail.com